## بەشێک لە قەسیدەی (پیاوێک لە ئەنوار) ... هیوا سیونگی

من مۆڵەتی هەناسە میان لێ سەندومەوە
دەرگای ئەوینیان شکاندوم
دار بەڕویان ڕامالێیوم
بە بەرگی بەرگی ڕاگوێزانەوە هاتووم
بە دڵی بریندارە وە هاتووم
من خۆمیان لێ سەندوومەوە
هناسەیان ووشك كردووم
گوڵی عیشقیان هەڵوەراندوم
چرای ئەوینیان کوژاندومەوە
من کابانی ڕێگەیەکی دور دور دورم
من ڕێبوارێکی بێ دڵ و بیهەناسە و
بی چەتفەم و
من وەشتێکی زۆر زۆر ماندوم
من کۆمارێکم وون بووە
وولاتێکی بێ ناسنامە و
خاکێکم بە جێ هێشتووە
من خۆمم بیرچۆتە وە،
من پرچیان لێ شاردوومەوە
من دەفیان شەهید کردووم و
حەیرانیان لێ سەنیومەوە
من سیاچەمانەیان بردووم
چکەی عیشقیان ووشك کردووم
لەئاهی حەسرەت گەڕاومەتەوە،
من لەدڵۆپەی تەنیاییەوە هاتووم
لە پەیژەی تاریکی دابەزیوم
لە ژێرزەمینی گومان هاتومەدەر
من جابانی کوردیم.
منداڵێکی ژێر ڕەحمەتی ژەهرم
هەناسەیەکی نوگرە سەلمانم من
لە دەسکەنەی خۆشەویستی هەڵاتوم و
لە گلۆڵەی تاوان کەوتومە خوارێ و
لە بیابانی ئەوێوە دەرباز بووم و
جەستەم لە لم سەندۆتەوە،
من لە ئاوازی ژەنینی ئەنفال ڕامکردووە
من لەنیوانی بەرداشی دیموکراسی و
لە هاژەی مافی مرۆڤ و
لە جەنگی دەسەڵات ڕامکردووە

من لەژێر هەناسەی ئاگرو
لە بن دەستی ڕەشە باوە هاتووم
من تروسکەی وولاتێکم
لە تکەی شەرمی ئازادی کەوتومە خوار
لە ڤیستیڤاڵی ئەشکەنجەیا دەرهاتووم و
لە گۆرانی و ئاوازی شۆفل
خۆم دۆزیوەتەوە،
لە شیعرێکی شپرزەوە هەڵاتوم و
لە پە خشانێکی ترسنۆك رامکردووە،
من دایکم رەشە باخواردیو
باوکم هەور هەڵی گرت
براکەشم تەم وونی کرد،
من خوشکەکەم بەقەترەیەك
حەیای خۆیدا زەوی مژی
من لە ئەوان ون بوم و هاتووم،
هاتووم چاوم ببەمەوە
هاتووم کانی پڕ تریفەم بگێرمەوە
هاتووم ئەو هەموو کراس و ئەو هەموو مەمکە مژەیە و
ئەو هەموو کیسە تووتن و جگەرەیە کۆکەمەوە،
هاتووم لێرە خۆ بەرمەوە
قۆڵ بە قۆڵی مانگدا بکەم
هاتووم هەرچیم وون کردووە بیبەرمە و ە
چی هەنار و چی دار گوێزی سەربڕا و ە
لاشەکانیان کۆکەمە و ە،
من یەك بوخچەم ما و ەتە و ە
هاتووم پڕیکەم لە عیشق و
لە خۆشەویستی هەناسە،
تەنیا بوخچەیەکم پێ یە
ئەبی کارێز بگێرمەوە
ئەبێت خۆری تیابەرمەوە
ئەبێت چی کراسی ئەو کیژانەو
هەرچی چەفتەی ئەو دایکانە و
چی کۆڵوانەمان براوە بیدۆزمەوە
هاتووم باران لە هەر کۆی بێت بیدۆزمەوە
هاتووم دار گوێزی تەمەنمان بگێرمەوە
هاتووم ئابڕوومان بەرمەوە
من هاتووم خۆم ببەمەوە.

** ** **